RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 26th May 2025 Accepted: 26th July 2026 Published online: 20th September 2026

The Military Structure of the Qajar State (1795–1925) through the Eyes of Foreign Travelers

Shwana Rasul Abdallah[1] - Shwan Shexa Qarani[2]

Shwana.rasul@uor.edu.krd -Shwan.shekha@uor.edu.krd

[1+2]Department of History, Ministry of Education, General Directorate of Raparin Education, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

This paper is an analysis and assessment of a noticeable subject in the period of the reign of the Qajar state (1795–1925), particularly concerning its military structure and characteristics. Its high spot the assessment of the military structure from the viewpoint of foreign travellers who went to Persia during that period. The study tries to discover their observations on the formation of the army and its military arrangement, the organization of military institutions, and the types of military forces. In addition, it outlines their training methods, weapons, ammo, and goods of the Qajar army, food and provisions, military costs, the roles of local officials and foreign experts, plus the challenges and difficulties facing the army. This military structure was alike to that of prior rulers, depend basically on recruiting troops from many tribes, clans, and regions throughout the country. Despite efforts at reform in this field, the strength of the tribes and their rule over a number of parts of the country stopped the formation of a perpendicular national army. Furthermore, corruption, shortcomings, and not strong military logistics expose another set of difficulties in the general military organization, which hamper reforms from taking root. Finally—apart from a few efforts—the intervention of local khans and leaders, beside with the shortage of a clear vision and plan for modern military discipline to make the army to be a tool to save the country and protect it, failed to bring about essential changes in the army's structure.

Keywords: Qajar, Travellers, Military Organization, Weapons and Ammunition, Life of soldiers.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پێکهاتەی سەربازی دەوڵەتی قاجار ((1795-1925)) لە دیدی گەڕیدە بیانییەکانەوە

شوانە ڕەسول عبدالله[1] – شوان شێخە قەرەنی [2]
[1+2]بەشی مێژوو، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتێکی دیاری ماوەی دەسەڵاتداریەتیی دەوڵەتی قاجارە (1795-1925)، لە بابەتی پێکهاتەی سەربازی و تایبەتمەندییەکانی ئەو بوارە، کە هەڵسەنگاندنی پێکهاتە سەربازییەکە لە دیدی گەڕیدە بیانییەکانەوەیە کە لەو کاتەدا سەردانی وڵاتی فارسیان کردوە دەخاتەڕو، توێژینەوەکە هەوڵیداوە دیدی ئەمانە لە چونیەتی دروستبونی سوپا و پێکهاتەی سەربازی، ڕێکخستنی دامەزراوە سەربازییەکان و جۆرەکانی هێزەکانی سوپادا بکات، شێوازی ڕاهێنانیان، چەک و تەقەمەنی و پێداویستییەکانی سوپای قاجار، خۆراک و ئازوقە، خەرجی سوپا و ڕۆڵی کاربەدەستانی ناوخۆ و شارەزایانی بیانی و کێشە و گرفتەکانی بەردەم سوپا بخاتەڕو. ئەم پێکهاتە سەربازییە نزیکە لە پێکهاتەی سەربازی دەسەڵاتدارانی پێشوتر، بە پشتبەستن و بنەمای وەرگرتنی سیستەمی سەربازگیری لە هۆز و خێڵ و ناوچە جیاوازەکانی وڵات، سەرەڕای هەوڵدان بۆ چاکسازی لەو بوارەدا، بەهێزی هۆزەکان و دەسەڵاتداریەتی و فەرمانڕەوایەتی ناوچە جیاکانی وڵات، ئەو دەرفەتەی لەبەردەم سوپایەکی میللی و هەمیشەیدا نەڕەخساند. لەگەڵ ئەوەی گەندەڵی و کێماسی و لاوازی لوجستێکی سەربازی لەم بوارەدا گرفتێکی تری بەردەم ڕێکخستن و پێکهاتەی گشتی سەربازیمان بۆ ڕوندەکاتەوە، لەوەی کە پێوست بو چاکسازییەکان شوێنی خۆی بگرێت، بەڵام، بەهۆی دەستتێوەردانی خان و سەرانی ناوچەکان و نەبونی دیدگا و پلانێکی ڕون لە ڕێکخستنی سەربازی بە دیسپلینێکی سەربازی نوێ بۆ ئەوەی سوپا ببێتە ئامرازێك بۆ پاراستنی وڵات، جگە لە چەند هەوڵێك نەبێت کە ئەمەش دواجار بەشێوە گشتییەکە نەیانتوانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی سوپادا دروستبکات.
کلیلە وشە: قاجار، گەڕیدە، ڕێکخستنی سەربازی، چەک و تەقەمەنی، ژیانی سەربازەکان.

پێشەکی:
مێژوی نوێی ئێران هەر لەگەڵ دروستبونی دەوڵەتی سەفەوی تا ڕوخانی دەوڵەتی قاجار، بەربەست و ئاڵنگاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لە بواری پێکهاتەی سەربازی و پێکهێنانی سوپایەکی میللی، سەرەڕای هەوڵدان بۆ چاکسازی لەم بوارەدا، بەڵام، نەتوانرا بگەنە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوی ڕۆژئاوا و ناوچەکە، سوپا و پێکهاتەی سەربازی قاجاریش کە درێژەپێدەری نیزام و سیستەمی پێشوتری دەسەڵاتداریەتی هەر یەك لە سەفەوی و ئەفشاری بوە، بەو پێیەی هەمان نەریت لە سەربازگیری لە چوارچێوەی خێڵگەرایی و پشت بەستن بە وەرگرتنی سیستەمی سەربازی لە هۆز و ناوچە جیاوازەکانی وڵات ببوە لەمپەر لەبەردەم سوپایەکی یەکگرتو و نوێ لە چوارچێوەی نیزام و سیستەمی سەربازی پێشکەوتودا.

گرنگی ئەم توێژینەوە: بەدواداچونێکی وردکراوە بۆ ناساندنی سیستەم و پێکهاتەی سەربازی دەوڵەتی قاجار بەمەبەستی ئاشنابون بە دۆخی سەربازی ئەو سەردەمە و گەیاندنی پەیامێك لەسەر چۆنیەتی دروستبون و شێوازی وەرگرتنی زانیاری گەڕیدەکان لەو چوارچێوەیەدا بۆ توێژەران، چونکە پێشتر توێژینەوەی لەم شێوەیە نەکراوە ئاوا ورد و درشت تیشك بخاتەسەر گرنگی ئەو بابەتە.

ئامانجی توێژینەوەیەکە: لە چوارچێوەی بابەتەکەدا دەرخستنی وردەکاریەکی زانستییانەیە سەبارەت بەو بوارە بۆ ئاشنابونی زیاتر لە پێکهاتەی سەربازی و دۆخی سوپای دەوڵەتی قاجار.

پرسیارەکانی توێژینەوەکە: زانیاری و سودی زانستی گەڕیدەکان چۆنبون سەبارەت بە قسەکردن لەسەر پێکهاتەی سەربازی و سوپای دەوڵەتی قاجار؟ سوپا، ڕێکخراوبو یان پشت بەستبو بە هۆزایەتی و نەریتی ناوچەگەری؟ شێوازی وەرگرتنی سەربازگیری چون بوە؟ ڕێکخستن و دابەشکاری سوپا بە چ شێوەیەك بو؟ مەشق و ڕاهێنان و بژێوی ژیانی سەربازان چون بو؟

ڕێبازی توێژینەوەکە: پشتی بەستوە بە میتودیکی مێژویی و شیکاری پەیوەست بە وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەی گەڕیدەکانەوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: پێکهاتوە لە چەند بابەتێك، لەوانە: پێشەکی و چوار تەوەر، **تەوەری یەکەم:** دەروازەی توێژینەوەکە کە ئاماژە بە چۆنیەتی مێژوی دروستبونی سوپا و ئاڵنگارییەکانی بەردەم پێکهێنانی سوپایەکی نیشتمانی دەکا، **تەوەری دوەم:** پێکهاتەی سەربازی دەوڵەتی قاجار بەشێوەی هۆزایەتی و نەریتی ناوچەگەری و ڕێکخراو و ناڕێکخراودا و... **تەوەری سێهەم:** بریتییە لە ڕێکخستن و دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەتی قاجار، وەك: پیادە نیزام، سوارە نیزام، هێزی دەریایی، هێزی ئاسایی، پاساوانی شاهانە و قورخانە و ...

تەوەری چوارەم: چەك و دابینکاری و پشتیوانی سوپای دەوڵەتی قاجار، وەك: چەکی پیادە نیزام، جلوبەرگی سەربازان، موچە و خەرجی سوپا، خوارد و ئازوقە و ....

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

گرفتی توێژینەوە: هێچ توێژینەوەیەك بێ ئاریشە نابیت، لە نەبونی سەرچاوە بێت یان نارۆنی پەیامە زانستییەکانی سەرچاوەکان، لەم توێژینەوەیدا پشتبەستراوە بە سەرچاوەی گرنگی گەڕیدەکان لە وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەم بابەتە، هەرچەند ئەوانیش بێ کەموکوڕی نەبونە لە دەرخستنی تەواوی زانیاریەکانیان بە هۆی ڕێگری حکومەت، خەڵکی ناوچەکان یان دەستپێڕانەگەیشتن بە کرۆکی زانیاریەکان بێت.

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان: بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سود لە سەرچاوەی ئەو گەشتیارانە وەرگیراوە کە لە ماوەی دەسەڵاتداری قاجار بەشێوەی مەیدانی سەردانی ئێرانیان کردوە و لە نزیکەوە زانیاریان لە بارەی پێکهاتەی سەربازی سوپای دەوڵەتی قاجاری وەرگرتوە، لەم بوارەدا خاڵی هاوبەشیان هەیە لە گەیاندنی زانیاریەکان، فوروکاوا و کرزون، زۆرترین زانیاریەکانیان لەو بابەتە باسکردوە، بەشێك لە گەڕیدەکان کە دوای گەڕیدەیەکی تر هاتون، بەهۆی ئەو ماوە کەمەی ماوەتە نەیتوانیوە زانیاریەکان بەگشتی کۆبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە بەشێك لە ناوەڕۆکی سەفەرنامەکەی پشتی بەستوە بە گەڕیدەی پێش خۆی.

تەوەری یەکەم: دەروازە: کورتەیەك لە مێژوی دروستبونی سوپا

لە مێژوی نوێ ئێراندا، بەدیاریکراوی لەگەڵ هاتنی سەفەویەکان (1501-1722) بۆسەر دەستەڵات و ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی و سەربازی و هەنگاونان بەرەو یەکگرتوی گەلانی ئێران، هەوڵدان بۆ دروستکردنی نیزامێکی سەربازی نوێ هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی سوپایەکی یەکگرتو و پێکهاتە و دیسپلینی سەربازی نوێ هاوشێوەی ئەوان نەبوە، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم سوپای سواڕە نیزامی ئێران لەوماوەیەدا قزڵباشەکان (کڵاوسوریشیان پێدەگوترێت کە دەربڕێنێکە بەکاردەهێندرێت بۆ تورکە ئازەرییەکانی ئێران) بون، کە کارامەیی باشی سەربازیان هەبوە و چەکیشیان بریتیبوە لە: ڕم و شمشێر، لەگەڵ کڵاوێکی ئاسنی (درووپل، 1375، 260) سوپای ئێران لە دەوروبەری ساڵی 1600ز، کاتێك شا عەباس (1588-1629) لە دەسەڵاتدابو، لە ڕێگەی برایانی شیرلی (سر.ئانتونی و سر. روبرت شیرلی) هەوڵی چاکسازیدا لەسەر شێوازی ئەوروپی، بەڵام، دوای ململانێی ناوخۆیی کە بۆ ماوەی (200) ساڵ ئێرانی سەردەمی سەفەوی گرتەوە، ئەو ڕێکخستنە سەربازییە بەرەو نەمان ڕۆیشت و دیاریکردنی پلەکانی سوپای بە نارونی هێشتەوە (فوروکاوا، 1384، 109)؛(کرزون، 1373، 727)، لەسەردەمی نادرشا(1736-1747)ی ئەفشاریش ڕێکخستنەوەی سوپا ڕوویداوە، تا ئەوکاتەی لەسەردەمی ئاغا محەمەدخان (1795-1797) بە هۆی بوێری سیاسی و سەربازی خۆی جارێکی تر سوپای ئێرانی ڕێکخستەوە (بنجامین، 1363، 131) و توانی بەشێوازێکی ڕێکخراوتر یاخیبون و هەڵگەڕانەوەکان کۆنترۆڵ بکات و ناوچەکانی خوراسان و گورجستان بخاتەوە ژێر فەرمانڕەوایی سەربازی خۆیەوە و ڕێگربو لە دەستێوەردانی ڕوسیا بۆ سەر خاکی ئێران، دوای ئاغا محەمەدخانیش، لەسەردەمی فەتح عەلی شا (1797- 1834) دا، پەیوەندی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی زیادیکرد بەتایبەت لەگەڵ ڕوسە تزاریەکان و فەڕەنسییەکان، ژمارەیەك کەسایەتی سەربازی ڕوسی و چەند عەقیدێکی فەڕەنسی کە پلەداری سەربازی باڵابون هاتونە ئێران و شارەزای کاروباری سەربازیبون، بۆ ماوەیەك ڕێگەیان پێدرا لە سوپای ئێراندا کاربکەن بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی سەربازی لەسەر شێوازی سیستەمی نیزامی پێشکەوتوی ئەوروپی (فلاندن، 1356، 148)؛ (درووپل، 1375، 250)، بەتایبەتی لەسەردەمی جێنشینی کوڕەکەی بەناوی عەباس میرزا، ناوەندی نیزامی لە تارانەوە گواستراوەتەوە تەورێز، ئەمە وایکرد کە ئەفسەرانی ڕوسی و فەڕەنسی و دواتر بەریتانیش کەوتنە هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی نیزامی کە جۆرێك لە زیندویەتی و نوێگەڕایی هێنایە ناو ڕێکخستنەکانی سوپاوە، بیروکەی دامەزراندنی سوپا و تۆپخانەی سەردەمیانەی لا گەڵاڵەببو و بێ گوێدانە دەمارگیری و ڕەفتاری خراپی هەندێ لە ئەفسەرانی سوپاکەی و بەشێك لەخانەکانی ناوچەکە، خۆی یەکلایی کردبوە بۆ خزمەتی سوپا، بەڵام، مامەڵەی خراپی بەشێك لە ئەفسەر و خانەکان دواجار بۆ هۆی تێکچون و بەرەوپێشەوەچونی چاکسازی لەو بوارەدا (کرزون، 1373، 731)؛ (موریە، 1386، 251–254)، لەسەردەمی مەحەممەد شادا(1834-1847) ئەفسەرانی بەریتانی هەوڵیاندا ڕێکخستنی سەربازی بکەن، بەڵام، سەرکەوتونەبون، لەگەڵ ئەوەی (سر هنری رالینسن) ئەفسەری سەربازی بەریتانیا لە ساڵی 1847، پێشنیاری کرد کە لەشکەرێکی دە هەزار کەسی ئامادەبکرێت کە جلوبەرگ و موچە و ڕاهێنانیان لە ژێر چاودێری ئەفسەران و دەوڵەتی بەریتانیا بێت، بەڵام، جێبەجێینەکرا، ئەمەش زیاتر بە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان بەریتانیا و دەوڵەتی قاجاریەو بو لەوکاتەدا (کرزون، 1373، 741–744).

هەروەها لە ساڵی 1807، ناپلیۆنی یەکەمیش، یەکەم نێردەی خۆی بەناوی ژنەڕاڵ گاردن لەگەڵ شاندێکی ئەفسەران بۆ ڕێکخستنی سیستەمی سەربازی سوپای ئێران نارد، لە ئەنجامدا سوپای ئێران دیسانەوە بە شێوازی ئەوروپی ڕێکخرایەوە، لەگەڵ هاتنی (سیر جون مەلکوم) کە نێردەی سیاسی بەریتانیا بو بۆ ئێران، ئەرکی مەشقپێکردنی سوپای ئێران بە ئەفسەرانی بەریتانیا سپێردرا، هەروەها لەلایەن وڵاتی نەمساشەوە لە ساڵی 1878، نێردەی سەربازی نێردران بۆ ئێران بۆ ڕێکخستنەوەی سەربازی کە پێکهاتبون لە عەقید و یاریدەدەرێکی و ئەندازیارێکی تەقەمەنی و ڕێبەرێکی مۆسیقی سەربازی، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ تاران، مەشق و ڕاهێنانیان بە دەستەی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

تۆپخانە و پیادەی ئەندازیاری کردوە، دیارە ناسرەدین شا (1848-1896)، لەکاتی گەشتی بۆ ئەوروپا داوای ناردنی ئەم ڕاهێنەرە سەربازییانەی لە ئیمپراتوری نەمسا کردوە، هەرچەند دواتر بەهۆی پچڕانی پەیوەندییان لەگەڵ سەرانی دەوڵەت بەناچار لە ئێران دەرچونە، هەروەها لە ساڵی 1879ز، هێزی سوارەی قوزاق ڕوسی کە پێکهاتبون لە عەقیدێك و سێ ئەفسەر و پێنج پلەدار کە کۆی گشتی نۆ کەس بون لە تاران مەشق و ڕاهێنانیان بە سوپای ئێران کردوە، بەڵام، لەگەڵ گۆڕانی هەڵومەرجەکان دۆخی سوپا دەگەڕایەوە سەر دۆخ و شێوازی کۆن (فوروکاوا، 1384، 109). دیارە ئەو هەوڵانەی کە بۆ ڕێکخستنەوەی سوپا لە قۆناغە جیاکان دراوە، دەردەکەوێت وەك پێوست نەیتوانیوە گرنگی بە خۆڕێکخستنە و نوێگەری بدات و خۆی لەگەڵ ڕاهێنانی دەرەکی بسازێنێت جگە لەیەك دو هەوڵ نەبێت، بەو پێیەی زۆرێنەی ڕێکخستنەکانی سوپا بریتیبوە لە ڕێکخستنێکی هۆزگەرایی و ناوچەگەری، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە خوارەوە بە وردی بابەتەکان خراوەتە بەرباس.

تەوەری دووەم: پێکهاتەی سەربازی دەوڵەتی قاجار:

پێکهاتەی سەربازی لە ماوەی دەستەڵاتی سیاسی دەوڵەتی قاجاردا (1795-1925)، تێکەڵەیەك بو لە هێزی خێڵەکی و نەریتی ناوچە جیاوازەکان، کە ئەمەش بەربەست بو لەبەردەم هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی سوپایەکی ڕێکوپێك و سەردەمیانە، سوپای سەردەمی قاجار پێکهاتبو لە هێزی ڕێکخراو و نارێکخراو، ڕێکخراو هێزێکی سیستماتیك و هەولی چاکسازی تێدا دراوە، بەڵام، هێزە نارێکخراوەکان هەمیشەیی نەبون و ئەندامەکانی دوای کۆتایهاتنی شەڕ و ئارامی لە ڕێزەکانی سوپا دەکشانەوە، (درووێل، 1375، 246)، هەروەها بەشێکی تری پێکهاتبو لە ڕاگر و میرەکان، ئەفسەرەکان، سەربازی هۆزە کۆچەرییەکان و ناوچە جیاوازەکان، جۆراوجۆری پیادە و سوارە نیزام، تۆپخانە و کەتیبەی تۆپخانە (ژوبر، 1943، 148). بەگشتی ئەو پێکهاتەیە لە چوارچێوەی سوپادا لە سوارە نیزام و پیادە نیزام، چڕبوەوە، فەرمانڕەوایی شارەکان و سەرۆك هۆزەکان، ناچار و پابەندبون بە دابینکردنی ژمارەیەکی دیاریکراوی سەرباز، کۆی سوارەکان بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی هۆزەکان و دانیشتوانی وڵاتی فارس بەگشتی لە نێوان سەد و پەنجا بۆ دوسەد هەزار سەرباز دەبو، ناوی تیپە سەربازییەکان لە چوارچێوەی ناوی هۆز و خێڵە شەرکەرەکانی ناو نەتەوە جیاوازەکان وەرگیراوە، وەك تیپی تورکی، کوردی، عەرەبی، ئەفغانی، لەزگی و لوڕەکان، ئەفشاری و قاجاری،کە سەر بە نەتەوەی تورك زمانن لە نێو ئەو چوار گروپەدا زۆرترین ژمارەیان هەبوە (تانکوانی، 1383، 270)؛ (اولیویە، 1371، 189)، دیارە ئەو ژمارەیە بەشێکیان سوارە نیزامی سوپا بون، بەڵام، هەمویان پیشەیی و ڕاهێنراو و ئەزموندار نەبون، چەکەکانیان تفەنگێکی کۆنبو، سوارە نیزامەکان بەجیاوازی لە ویلایەتەکاندا بڵاوببونەوە (فوروکاوا، 1384، 126–128). بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ژمارە و ڕێژەی بەشداری سەرباز لە ڕێزەکانی سوپای قاجار، لە ڕوانگەی کرزونەوە دابەشکاری سوپا بەم شێوەیە بوە:

1. لیستی سوپا بەگشتی لە فەرمی و نافەرمی و خەیاڵی و ئامادەباش و ڕێکخراو و نارێکخراو سەد وپەنجا بۆ دوسەد هەزار کەسبوە بە گشتی، جگە لەسەردەمی ئاغا محەممەدخان نەبێت کە 60 هەزار بوە، سەردەمانی تر لەنێوان ئەو ژمارەیەدا بوە.
2. هێزی بانگهێشتکراو: (سوارە نیزامی ڕەسەن یان نارێکخراو: 16،350/ هەڵگرانی تۆپ: 80/ سوارەی نیوە ڕێکخراو: 2،493/ پیادە نیزام: 63،700/ تۆپخانە: 4000/ یەکەی سوپا: 169/ هێزی ڕەسەن: 3،600، کۆی گشتی: **90،392** هەزار کەسبون).
3. هێزی ئامادەباش(چەکدار): (سوارە نارێکخراو: 12،427/ سوارەی نیوە ڕێکخراو: 2،493/ پیادە نیزام: 25،000/ تۆپخانە: 1،800/ دەستەی نەمساوی: 169/ هێزی ڕەسەن: 2000/ کۆی گشتی: **43،889** هەزار کەس بون).
4. ئەوانەی لە ژێر ئالادان و خزمەتیان دەکرد: **30،000** کەسبو، کۆی گشتی **164،281** هەزار، ئەوەی تر سەربازی یەدەگبون لەو ژمارەیەی لەسەرەوە باسکراوە (کرزون، 1373، 748).

جێگەی ئاماژەیە بەشێکی زۆری سەربازەکان لە هۆزی قاجار بون، لە پیر و گەنج و منداڵ دەچونە ڕیزی سوپاوە، بۆ هەر ویلایەتێك ڕێژەیەکی دیاریکراو تۆپخانە و سوارە نیزام دیاریکراوبو، لە ناویاندا خەڵکانێك هەبوە قاچێکی نەبوە، یاخود چاوێکی کوێر بوە، لەگەڵ ئەوەشدا، گەنجانی (12بۆ13) ساڵی بەتوانا و چالاك، لەگەڵ پیرە پیاوانی (70 بۆ 80) ساڵ بەشداری سوپا دەبون (ماساهارو، 1373، 203–204)؛ (سایکس، 1336، 62)، بەهۆی دیارینەکردنی تەمەن بۆ بەشداریکردن لەسوپادا، ڕێژەیەکی زۆر هەرزەکار لە ڕیزەکانی سوپادا شانبەشانی پیاوانی بەتەمەن بەشداربونە، لیستی ناوی سەربازان بەبێ هیچ بەرژەوەندی و گرنگیپێدانێك دارێژرابو و زۆرجار هەبوە و ڕوبداوە کە سەربازێك بانگهێشتکراوە و لە ژیاندا نەماوە، جاری واهەبوە لەلایەن دەستەڵاتدارانی ناوچە جیاوەزاکاندا بە بیانوی دامەزراندن لە ڕیزەکانی سوپا گەنج و لاوی هەرزەکار بانگهێشتدەکران و بڕە پارەیەکیان لێوەردەگیرا لەبەرانبەر دامەزراندنیان، هەشبوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی سەربازی بەدوربێت لەبەرانبەر دانی بڕە پارەیەك بەخشراوە، هەروەها ژمارەیەك تەنها ناویان هەبوە و لە بنەڕەتدا ناوی وەهمی بون (دالمانی، 1378، ج1، 226–227).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هەرچەندە سالّانی خزمەتی سەربازی زۆر بوە، بەلّام لە کاتی ئاشتیدا دو سالّ جارێك دەچونەوە خزمەتی سەربازی، بەشێوەیەکی ئاسایی نزیکەی دە هەزار سەرباز لە تاراندا هەبو و دە هێندەش لە تەواوی ویلایەتەکانی تر بە هۆی پشت بەستن بە سیستەمی هۆزایەتی هەبوە، لە شێوازی وەرگرتن و کۆکردنەوەی سەرباز هەولّدراوە لە دێهات و ناوچەکانی تر رێژەی سەربازانی خۆیان دیاری دەکرد (ویشارد، 1363، 311–312). سەربازەکان لەکاتی نەبونی شەڕدا لەپشودابون، جگە لەمەش لە وەرزی زستانیشدا لە مۆلّەتدابون، بەلّام، لەگەلّ دەستپێکی شەڕ و لە یەکەم ئاگادارکردنەوەدا لە ماوەیەکی کەمدا زۆرینەی ئەندامانی سوپا بە چەکی جەنگییەوە لە شوێنی دیاریکراودا لەهەمو ناوچەکانی ولّاتدا دەکەوتنە ئامادەباشییەوە (اولیویە، 1371، 188). هەر ناوچە و هۆزێك بە فەرمانی شا سوارەی تایبەتی دەنارد دەرەوەی ناوچەی خۆی، لەوانە: کورد و عەرەب بە ڕم و قەڵغان، فارس بە تفەنگی درێژ و خوراسانی و تورك بە کەوانەوە دەهاتن، بەلّام، گەورەترین کێشەی سوپای ئێران ئەوبوە کە سەربازەکان زۆر دڵسۆزانە خزمەتییان نەکردوە، لەبەرئەوەش زیاتر خەریکی تالّانچیەتی بون لەبری ئەوەی لە دژی دوژمن بوەستنەوە، شێوازی تەقەکردنی هەر گروپێکیش لەبێ بەرنامەییدا زیاتر بە شێوەی هەڕەمەکی بوە (فلاندن، 1356، 147).

لەو سەردەمەشدا، دامەزراندن بەشێوازی کۆن پەیڕەو دەکرا، مەسیحی، جوەکان و زەردەشتییەکان سەربازیان لە ڕیزی سوپادا نەبوە، لەبەرانبەر بەشدارینەکردنیان جزیەیان داوە بە دەوڵەت، بەلّام، لە هۆز و ناوچە جیاوازەکانی تری ولّاتدا موسڵمانان لە شیعە و سوننە، سەربازیان ڕەوانەی ڕیزەکانی سوپا کردوە (فوروکاوا، 1384، 130)؛ (دالمانی، 1378، ج1، 226). جگە لە خەڵکی کاشان کە ترسیان هەبو لە بەشداریکردن لە خزمەتی سەربازی هەر لەبەر ئەوەش بەخشرابون، بەلّام، زۆرێك لە ئەرمەنییەکان بە پێچەوانەی ئەوان وەك ئەفسەری باڵا و تەنانەت وەك ئەمیر لە سوپادا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە، بەلّام، بە گشتی رێژەکانی سوپای قاجار زیاتر پێکهاتبو لە هۆزە تورکەکانی باکوری ولّات و لە ئازەربایجان و مەراغە و هەمەدان و خەمسە، هەروەها لە نێوانیاندا چەند فەوجێکی کەم لە خەڵکی کوردستان و عێراق بینراوە (پولاك، 1368، 40).

بەشێوەیەکی گشتی هەر فەوج و یەکەیەکی سەربازی لە تاکەکانی خێڵ و دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکان پێکهاتبون، بەلّام، ناکۆکی و ڕاجیای لەناو پێکهاتە و ڕیزەکانی سوپادا هەبوە. جگە لەوەش ئەو ماوەیەی کە تاکەکان لە خزمەتکردنی سیستەمەکەدا بەسەریان بردوە دیاریکراونەبوە و سەربازە بەتەمەن و گەنجەکان پێکەوە خزمەتی سەربازییان کردوە (فوروکاوا، 1384، 131). هەروەها، جگە لەدیارینەکردنی تەمەن، پشکنینی جەستەیی و لەشولاریان لە ڕوی پزیشکییەوە بۆ نەکراوە، ئارەزومەندانە دەهاتنە ڕیزی سوپا، دوایی ئەوەی رێژەی سوپاش تەواو دەبو هەم دیسان کەسانێك هەبون کە خوازیاری هاتنە رێزی سوپا بون (ماساهارو، 1373، 203)، ئەم شێوازی وەرگرتنی سەرباز زۆرجار شانس و بەخت بوە، واتە هەڵبژاردنی خەڵکی بۆ سەربازی و رێزەکانی سوپا لەلایەن بەگلەربەگەکان واتە سەرۆکی بەگەکان یا خود میران و فەمانڕەوای ویلایەتە گەورەکان بەڕێوەدەچو (تان، 1345، 91)، کاتێك شا پێویستی بە سەرباز دەبو فەرمانی بۆ ویلایەتەکان دەنارد و ژمارەی سەربازەکانی دیاری دەکرد، بەلّام، ئەو خێزانانەی کە تەنها کورێکییان هەبو لە سەربازی بەخشرابون، هەندێکی تریان بەهۆی کەم ئەزمونی دوردەخرانەوە و کەسێکی تر شوێنی پردەکردەوە و ئەگەر ڕایکردبا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچو و ئەشکەنجە دەدرا و هەندێکجاریش ڕوبەڕوی لە سێدارەدان دەبونەوە (فلاندن، 1356، 153).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەفسەرانیش لە پێکهاتەی سەربازیدا لە هی سەربازەکان باشتر نەبوە، چونکە، کوڕانی خانەدان و بااڵدەست و گەورەی هۆزەکان لەگەلّ ئەوەی هەڵگری زانست و زانیاری ئەوتۆ نەبون، بەلّام، زۆر بە ئاسانی دەهاتنە ڕیزی سوپاوە و هێما و نیشانە و پلەی سەربازی گەورەیان پێدەبەخشرا و سواری ئەسپی گرانبەها و ڕازاوە دەبون و شانازیان بەخۆیانەوە دەکرد بە بێ ئەوەی قۆناغ و پلەکانی سەربازی ببڕن و خۆیان بە ئامر فەرماندە و سەرکردەی سوپا ناوزەند دەکرد (ماساهارو، 1373، 203). هەرچەندە بەشێك لەو ئەفسەرانە وێستویانە ڕێکخستنێکی جوان ببەخشن بە سوپا، بەلّام، توشی بەربەست دەبون، چونکە منداڵانی بنەماڵەی شا خۆیان بەو کارە هەڵدەستان و دەستپێشخەر دەبون لە وەرگرتنی زانیاری نوێ سەربازی ئەوروپی (فلاندن، 1356، 149)، ئەگەر ئەفسەرەکان لە بنەماڵەی شاهانە نەبونایە، دەبوایە لە بنەماڵەی خانەدانەکانی ویلایەتەکان بونایە، هەروەها ئەگەر لە منداڵی ئاغا و ئەرستۆکراسی نەبوان، ئەوا بە پێشکەشکردنی ڕشوە پۆستە سەربازییەکانیان دەکڕی، نەبینراوە کەسێک بە پشت بەستن بە بەهرە و توانای خۆی پێگە و پۆستێکی هەبوبێت (فوروکاوا، 1384، 130)، پۆست و پلە سەربازییەکان بەکاریگەربون یان بەرتیلدان بەدەست دەهێندران، لە ئەنجامدا ناپاکییەکی زۆر لە نێو ئەفسەر و پلەدارەکاندا ڕوپداوە، هەرچەندە زانیاری ئەوتۆیان لە هونەری سەربازیدا نەبوە، لەگەلّ ئەوەشدا متمانەیان بەخۆیان لاواز بوە، واتە لە گیانی نیشتمانپەروەریی بێبەشکراون، لەوەی هانبدرێن پێشوازی لە مردن بکەن لە پێناو نیشتمانەکەیان، هەر بۆیە سەربازەکانیش هیچ باوەڕێکیان بە لێهاتویی و ئازایەتی فەرماندەکانیان نەبوە و لە بەرانبەر دوژمندا لاوازبون (واتسن، 1356، 27)، هەر ئەمەش وایکردبو لەناو سوپای ئێراندا هاندان نەبێت بۆ ئەوەی سەربازان و ئەفسەران شانازی بەخۆیانەوە بکەن (ویشارد، 1363، 312). واتە بەجیاواز لەگەلّ سیستەم و نیزامی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پێشکەوتوی ولاتانی تر ئەوە دەبینرێت کە نادادپەروەری بەدیدەکرا لەناو رێزەکان سوپا لە بەینی ئەفسەران و سەربازان و منداڵانی چینی باڵا و خانەدان.

لەگەڵ هەمو ئەو جیاکارییەی لە ناو پێکهاتەی سەربازیدا هەبو، بەگشتی سەربازەکان ڕازیبون بە زۆر شت، ملیان دابوە بەر سەختییەکانی ژیان لەوانە تینویەتی و برسییەتی و سەرما و بێخەوی و ڕۆیشتنی بەردەوام لە ڕاهێنانی سەربازی و ڕیزەکانی سوپا، جگە لەوە بە سروشتی خۆیان بوێربون و هەر سەربازێك توانیویەتی لە خراپترین دۆخی ژیانیدا دەست بۆ هەر کارێك بەرێت، جاری واهەبوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەسەر یەك بەپێی ڕویشتون و ڕازیبون بە خواردنی نان و پیوازێك (پولاك، 1368، 41)؛ (واتسن، 1356، 26)، ئەم نادادییە وایکردبو لە ڕیزەکانی سوپا لە کاتی شەڕەکاندا پەرتەوازە و جیابونەوە ڕوبدات و لەگەڵ دەستپێکردنەوە شەڕدا پاشەکشە بکەن، لەگەڵ ئەوەی زیاتر سوارەیەکی نارێکخراو بون و ئەم نارێکییەش بۆ گەورەکانیان دەگەڕایەوە کە خاڵی بون لە بیروباوەڕ، سەربازەکان کەمترین مافیان هەبوە، هەر بۆیەش بەدەستبردن بۆ دزی و تاڵانی جۆرێك لە هەڵوێستەکردنیان هەبوە بەرانبەر بە سیستەم و سەرکردایەتیەکی نادادپەروەر، لەگەڵ ئەوەی بۆ پێشڕەوی و پێشکەوتن تێکوشاون و هەمو هێزی خۆیان بۆ سەرکەوتن تەرخانکردە، بەڵام، لەوەی کە نەیاندەتوانی زەفەر بە دوژمن بەرن، ئەوە بە تاڵانکردن و دەستبردن بۆ ماڵە هەژارە ئێرانییەکان لە گەورەی خۆیان کەمکردوتەوە (فلاندن، 1356، 148). واتە، ئەم نادادی و جیاکارییەی نێوان چینی باڵا، ئەفسەرە لێهاتوەکان و سەربازان و ئەو بێ بەرنامەیی کە لە هێنانە پێشی کەسانی ناشایستە بۆ ڕێزەکانی پێشەوە و سەرکردایەتی سوپادا هەبو، هەر ئەوە چاوەڕێکراوە لە بونی سوپا و پێکهاتەیەکی گرنگی سەربازی بەهێز و لێهاتو.

تەوەری سێهەم: ڕێکخستن و دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەتی قاجار:

ڕێکخستن و دیسپلینی سەربازی یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز، چونکە توانای هێزی چەکدار تەنها بە ژمارەی سەربازان و چەکەکانیان دیاری ناکرێت، بەڵکو پەیوەستە بە شێوازی ڕێکخستنی هێزەکان و یاسا و ڕێساکانی دیسپلینی سەربازی، بۆ تیگەیشتنی زیاتر وردەکاری ئەو ڕێکخستنە بەمشێوەیە دەخەینەڕو:

1: پێکهاتەی سوپای قاجار:

1-1:هێزی پیادە نیزام: ئەم هێزە زیاتر لە گوندنشین، جوتیاران و خەڵکی ئاسایی شارەکان بانگهێشتی ڕێزەکانی سوپا دەکران بە بێ جیاوازی، هەڵبژاردن و فەرمان پێکردنیان پەیوست بو بە سەرۆکی هۆز یان فەرمانڕەوایی ناوچەکە و هەندێ ناوچە زیاتر یان کەمتر سەربازیان دەنارد ڕێزەکانی هێزی پیادە (اولیویە، 1371، 189)، ئەو هێزە لە تفەنگچییەکان پێکهاتبون، ژمارەیان لە پەنجا بۆ شەست هەزار کەس زیاتر نەبوە، ئەوانەی بێ بەشبون لە کاروکاسبی و لەلایەن خاوەن گوندەکانەوە سەرکۆنە دەکران بەناچاری ڕویان لە پیشەی سەربازی دەکرد، ئەم تفەنگچیانە برە پارەیەکی کەمیان وەردەگرت، لە گیرفانی خۆیانەوە کەرەستەی سەربازییان دابینکردوە، هەر سەربازێك تفەنگێکی پڵیتەپی و خەنجەر و چەقۆی پێبوە، خزمەتکردن لەلای ئێرانییەکان لە هێزی پیادە زۆر خۆشەویست نەبوە و لە بارودۆخێکی خراپدابون، هەرچەندە لەسەر داوای فەتعەلی شا و بە تایبەتی شازادە عەباس میرزای کوری، ئەفسەرانی سوپا لە تەوریز هێزێکی پیادەی نوێیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لە سەر شێوازی هێزی پیادەی فەرەنسی بە دیسپلینیکی نوێ سەربازی هاوشێوەی نەتەوە پێشکەوتوەکان ڕێکخستبو، هەر بۆیەش بە پێوست زانرا هێزی پیادە نیزام ببێتە بناغە و هێزی سەرەکی سوپا لەو کاتەدا (تانکوانی، 1383، 272).

2-1: هێزی سوارە نیزام: سوارە نیزام لە سوپای قاجاردا کۆڵەکەی سەرەکی سوپا بون و لە پیادە نیزام گرنگتر بون، ئەم هێزە زیاتر لە هۆزە تورکمانەکان، قاجاری، بەختیاری، قزڵباش و قۆزاقەکان دروستبوبو، لەلایەن فەرماندەی هۆزەکانەوە بەڕێوەدەبران، چەکەکانیان زیاتر کەوان، شمشێر، ڕمی درێژ، خەنجەر و چەندی جۆر تفەنگ، لەوانە: تفەنگی سەرپر، ئیشنایدر، مارتینی، برنو و هەروەها بیردانی کە جۆرە تفەنگێکی ڕوسی بو، کە ڕوسەکان لە ماوەی سااڵنی (1868 - 1891) لە سوپاکەیاندا بەکاریانهێناوە و لە دواوە فیشەکی تێدەخرا و ڕێڕەوێکی لولەپی هەبوە (فوروکاوا، 1384، 115)، جۆرێکی تریشیان چەکی (مارتینی) بو کە زیاتر چەکی نەمسایی و بەریتانی بو و سودێکی زۆریشی هەبو، ئەو چەکانە چەکی کۆن و بەسەرچوی ولاتە زێلهێزەکانی ئەوروپا بون کە دوای بەکارهێنانی چەکی نوێ لەو ولاتانە ئەو جۆرە چەکەکانە لە ئێران بەکارهاتون (دالمانی، 1378، ج1، 230).

3-1: هێزی دەریایی: قاجارییەکان، لەوکاتەدا هێزێ دەریاییان نەبوە کە شایەنی باسکردن بێت (فوروکاوا، 1384، 131)، هەرچەندە پێشتر بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزە عەرەبەکانی کەنداوی فارس، هێزی دەریاییان هەبوە کە لەو ڕێگەیەوە بازرگانیان لەگەڵ مەسقەت و شاری سورات لە هیندستان کردوە، هەروەها چەند کەشتیەکییان لە دەریای خەزەردا هەبوە کە بۆ کۆنترۆڵکردنی تورکمان و ئوزبەکەکان لەبەشی ڕۆژهەڵات و کۆنترۆڵکردنی لەزگییەکان لە بەشی ڕۆژئاوا بەکاریانهێناوە، واتە، لە سەردەمی قاجارییەکاندا شتێکی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەوتۆ لە سوپای دەریایی نەمابو کە شایەنی باسکردن بێت، هەرچەند دەبوایە گرنگیان بەهێزی دەریایی دابا بۆ بەرنگاربونەوە لە بەرانبەر ڕوسەکان لە باکور هەروەها بۆ پارێزگاریکردن لە کەندوای فارس (اولیویە، 1371، 190).

4-1:هێزی نارێکخراو: نارێکخراوەکان، بریتیبون لە پیادەکان کە هەڵگری تفەنگبون و پێیان دەوترا تفەنگچی و سوارەکانیشیان پێیان دەوترا سوارە ڕەدیف، بەگشتی ئەرکیان پاراستنی وڵات و پارێزگاریکردن بو لە ناوچە سنورییەکان بەرانبەر بە هێرشی دوژمنکارانە و ڕێگریکردن لە دزی و تاڵانی، هەروەها بەرپرسیاریەتی پوچەڵکردن و تەیارکردنی ئەو هێزانەش هەر لەئەستوی خۆیاندابو، لە ڕوی بڕێوی ژیانەوە تەنها ئەو کاتە پارەیان پێدەدرا کە لە کاتی خزمەتکردن یان گەشتکردندا بون، بەگشتی هەمو کارێکی سەربازی لەلایەن هێزە نارێکخراوەکانەوە ئەنجام دەدرا نەك لەلایەن هێزە ئاساییەکانەوە، وەك فەرمان وەرگرتنیش لەژێر فەرمانی سەرۆك هۆز و کورەکەیدا بون، لە خوار ئەمانەشەوە فەرمانیان لە یوزباشی و پەنجەباشی کە سەردەستەی سەد کەس و پەنجا کەسیان بون وەردەگرت (پولاك، 1368، 40–41)، هەروەها سواردی نارێك جلوبەرگی جۆراوجۆریان لەبەرە کردوە و هەر فەوجێکیش بەپێی دابونەریتی ناوچەکەی خۆی جلوبەرگی لەبەرکردوە (واتسن، 1356، 25).

5-1: هێزی قۆزاق: هێزێکی ڕاهێندراوی سەربازی ئێرانی سەردەمی قاجاربون، کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە، بەدیاریکراوی لە ساڵی 1879، لەسەر بنەمای یەکەکانی قۆزاقی ڕوسی و بە هاوکاری ئەفسەرانی ڕوسی لە ناو یەکەکانی سوپای ئێراندا پێکهێندرا، سەربازانی سواردی ئێرانی لەلایەن ئەفسەرانی ڕوسیەوە مەشق و ڕاهێنانی سەربازی فێردەبون، جلەکانیان هاوشێوەی قۆزاقەکان بو کە بەشێوەی ئاسایی چاکەتیکی درێژ و خوڵەمێشی بو، جلی فەرمی بۆ فەوجی یەکەم شین، بۆ فەوجی دووەم چاکەتێکی درێژی سور بوە لە شێوەی باڵتو، هەمیشە شمشێرێکی درێژیان بە کەمەریانەوە هەبوە و لە ڕاست و چەپی سینگشیانەوە کارتێژێکی مسی هەبو (فوروکاوا، 1384، 115)، بەگشتی گروپێکی شایستە و ڕێکوپێکی ناو سوپای ئێران بون کە جلوبەرگێکی ڕێکوپێك و خوازراویان هەبو و هەر گروپێکان کڵاوێکی بێ لیوار و جیاوازیان لەبەردابو کە پشت و ملو شانی دادەپۆشی (دالمانی، 1378، ج2، 816) ئەم هێزە ڕاهێنراوەی قوزاق و خودی ئەفسەرانی ڕوسیش جێگەی ڕەزامەندی و ڕێزلیگیراو بون لای ناسرەدین شا، هەروەها لە نزیکەوە چاودێری جلوبەرگ و موچە و تایبەتمەندی ژیانی ئەوانی کردوە (ویلز، 1368، 403).

6-1:سواردە نیزامی ویلایەتەکان (ئاتلی): بە مانای سوارە یان خاوەن ئەسپ دێن، ئەسپ سواری بەناوبانگبون کە لەلایەن خانێك یان سەرداری ناوچەیەکەوە ڕێنوێنی دەکران، واتە وابەستەی هۆزەکانیان بون، ژمارەیان زۆر بوە، بە نزیکی زۆربەی سوپای ئێران لەو فەوجانە دروستبون، هەر فەوجێك بەرپرسێکی هەبو کە فەرماندەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی ئەودابون، هەر یەك لەو فەرماندانەش ژمارەیەکی دیاریکراوی سوپایان لە ژێر دەستدابو، لەگەڵ ئەوەی چەکەکانیان نارێکبو، هەندێکیان تفەنگ و بەشێکیان ڕمیان پێبو، جلوبەرگی سواردی نیزامی ویلایەتەکان لەهی سوارە نیزامی گشتی نزمتر بو، لەگەڵ ئەوەشدا، وەك سوارە نیزامی تر پازدە تمەن و سێ بارە ئازوقەیان لە ساڵێکدا پێدەدرا (درووبل، 1375، 263)، ئەم ئاتلیانە ژمارەیەك هێزی چەکداری سواردی نارێکبون کە دەوڵەت لەکاتی شەڕدا چەند هەزار سەربازێکی لەبەردەستدا بوە، بەتایبەت لەکاتی شۆڕش و شەڕ لە هەرێمەکاندا (فلاندن، 1356، 148).

7-1:ئولا لە نژادی تورکمەن: سوارە نیزامی ویلایەتەکان بون، کە لەلایەن خانی ناوچەکە سەرپەرشتی کراون، ئارەزوی بەشداریکردنی سوپایان هەبوە، بەو پێیەی دەکەوتنە سەر سنور هەمیشە لەدۆخی ئامادەباشیدابون بەرانبەر بە هێرشی تورك و کوردەکان، بە تایبەتی سوارچاك و نیزامی باشیان لێهەڵکەوتبو، لەگەڵ ئەوەی ئەسپ و چەکی باشیشیان پێبوە (درویل، 1375، 264).

2: فەوجەکان و شێوازی ڕێکخستنیان: لە ڕاستیدا فەوج بنەمای ڕێکخستنی سوپای قاجاربو کە هەم لە سوارە نیزام هەمیش لە پیادە نیزامدا بەکاردەهێنرا، لە کۆی ئەو ژمارەی سەربازەکان کە لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوە لە ناو سوپای ئێران، بەشێکی ڕێکخستنەکانی سوپا تایبەت بون بە فەوجەکان کە هەشتا و چوار فەوجی پیادەبون، هەر فەوجێك بەناو لە هەشت سەد تا هەزار پیادە پێکهاتبون، بەڵام، بەدەگمەن نیوەیان لە ئەرکدابون، لە فەرماندەی هەر فەوجیکدا عەمیدێك (سەرتیپ) هەبو، کە سەرپەرشتی ئەفسەران و پلەدارەکانی تری وەك یوزباشی و مین باشی دەکرد، بەشێك لەوانەی لەناو فەوجەکاندا خزمەتیان دەکرد پیرە پیاوە بە تەمەنەکان بون، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی یاسا هەر فەوجێك دەبوایە بۆ ماوەی ساڵێك خزمەتی کردبا و دواتر لە موڵەتدا بوایە، بەڵام، لە هەڵمەتە گەورەکاندا دەستبەرداری ئەم بنەمایە دەبون و نۆرەی مۆڵەتدان دوای دو ساڵ جارێك بوە (پولاك، 1368، 41)، هەرچەندە هەر فەوجێك لە سەربازانی ئەو ناوچانە پێکدەهات کە تێیدا دامەزراون، بەڵام، ئەندامانی فەوجەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خزمەتیان نەدەکرد، بەڵکو خزمەتەکەیان بەردەوام دەبو تا ئەوکاتەی توانای کارکردنیان هەبوایە و کە بەرەو پیری دەڕۆیشتن لە خزمەتی سەربازی لە فەوج دەردەکران و دوای ئەمە بۆیان هەبو کارێکی تر بۆ خۆیان بکەن یان پەنایان بۆ ڕاکێشانی هەستی خێرخوازی گشتی دەبرد (واتسن، 1356، 26). بەڵام، بەپێچەوانەوە ئەو فەوجانەی کە لە خزمەتی شادابون چوست و چالاك بون،

هەمویان تفەنگی زیو و ئەسپی بەهێزیان پێبوە (پولاك، 1368، 41). بەسەرنجدان لەم جیاوازییە دەبینین ناهاوسەنگی زۆر هەبوە لەناو هێزەکان لەڕوی چەك و پارە و خزمەتی سەربازی.

3: پلە و پایەی سەربازی ناو سوپای قاجار: هەر لە شا و سەرۆك وەزیران بگرە کە ناونیشانی پلە باڵای سەربازی و دەستەڵاتی یەکەمی سەربازیان هەبوە، خانەدان و پیاوماقوڵانی ناوچە جیاوازەکان و سەرۆك هۆزەکانیش بەهەمان شێوە، دواتر پلەکانی تری سەربازی لە سوپاسالار، سەرتیپ و سەرۆك تیپ و فەرماندەی لەشەکر، لەڕێکخستنەکانی سوپادا هەبون، بەشێکی تر لەو پلە سەربازیانەی ناو سوپای قاجار بریتیبون لە: **مین باشی:** کەسێکە کە هەزار کەسی پێسپێردراوە، **پەنجە باشی:** پێنج سەد کەس و هەندێ جار پەنجا کەسی پێسپێردراوە، **یوزباشی:** کەسێکە کە دەستەیەکی سەد کەسی پێسپێردراوە، **ئونباشی،** دە کەسی لە ژێر دەستدابو (اولیویە، 1371، 189).

4: پاسەوانی شاهانە، غولام و نەسقچی:

4-1: پاسەوانی شاهانە: لە دو فەوج لە سوارە ئاساییەکان پێکدەهات کە هەر یەکەیان هەشت هەزار سەرباز دەبون، بەشێك لەو پاسەوانانە بەچاوی رێزەوە سەیردەکران و هەروەها بەرێزتر بون لە کۆمەڵگەدا، گروپێکی تر کە وەك پاسەوانی تایبەت رێکخرابون و نیشانەی جیاکەرەوەیان کۆت و بەندە زیوینیەکان بوە (واتسن، 1356، 25). هەروەها زۆربەی سەربازانی ئێرانی کە لە ئەندامانی هۆزەکان پێکهاتون و شاکانی قاجار هەمیشە هەوڵیانداوە پشت بە هۆزەکان ببەستن بۆ ئەوەی لە ئاسایشدابن، بۆیە بە گشتی پاسەوانی شاهانە هەمیشە لەو جۆرە سەربازانە پێکهاتوە کە پێیان دەوترا خزمەتکاری شا و ئەرکیان پاراستنی گیانی شا بوە و لە هەمو شوێنیك یاوەریان کردوە، زۆر جار سوارچاکی پاسەوان لە باشترین هۆزەکان پێکهاتبون لەوانە هۆزی بەختیاری، (دالمانی، 1378، ج1، 231)،کە کلاوێکی سپی بەرزیان لەسەربوە و چەکی جۆراوجۆریشیان بریتی بو لە (دالمانی، 1378، ج2، 816)، خەنجەر و تفەنگی پلیتەیی (ئاگری)، لەگەڵ ئەوەی جلوبەرگیشیان لەوانی تر باشتر و جیاوازتر بو (تانکوانی، 1383، 275).

4-2: غولام (خزمەتکار): نازناوێکی تایبەتی پاسەوانانی شایە کە کۆی گشتی ئەم غولامانە (1،250) کەسبوە، لێزانترینیان (200) کەس دەبون و نازناوی خزمەتکاری خزمەتکارانیان هەبوە، هەمویان لە هۆزی قاجاربون، ئەم خزمەتکارانە لەلایەن هەندی ئەفسەری تایبەتی شاهانە سەرپەرشتی دەکران کە دامەزراندنی خزمەتکاری دەربار و کۆشك لە دەرگاوان، پیادە و هاوشێوەکانیان لە ئەستۆی ئەو ئەفسەرانەدا بوە، پێگە و تەمەنی خزمەتکار درێژ و بۆ ماوەیی بو، کاتێکیش پۆستی خزمەتکار بە هۆی پلەبەرزکردنەوە، مردن یان پیری چوڵ دەبو، جێنیشینیەکەی شوێنی دەگرتەوە، هەروەها کەرەستەی ئەسپەکانی ئەم چینە لە کۆت و زرپێوش و کلاوی زیوی دروستکرابو (دالمانی، 1378، ج1، 232).

4-3: نەسقچی: بە ئەفسەرە ئەمنەکانی ناو کۆشکی پاشایەتی دەوترا نەسقچی، کە ئەرکیان پاراستن و رێکخستن و جێگرکردنی ئاسایشە بو لەو بەشانەی کۆشك کە چونە ژۆرەوەیان رێگەپێدار بو، چەکیان پێکدەهات لە تەوریك، شمشیر، خەنجەر و دارێکی گەورە کە سەرێکی چەقۆی پێوەبو، ئەرکی سەرەکیان پاراستنی گیانی شابو، ژمارەشیان بەگشتی لە سێ سەد بۆ چوارسەد کەس دەبو، بەوە ناسرابون کە شێوازی پۆشینی سەریان بە شاڵێکی کەشمیری دادەپۆشرا (تانکوانی، 1383، 275).

5: تۆپخانە: قاجاریەکان بەگشتی لە هونەری بەکارهینانی تۆپخانەدا دواکوتوبون، بەپێچەوانەی ئەو پێشکەوتنەی لە ئەوروپا لە ئارادابو، واتە رێکخستنێکی سەرەتایی بە نیزامی تۆپخانەوە دیاربو و تەنها چەند تۆپێکی گەورەیان هەبو، کە پێشتر لە پورتوگالییەکانەوە بەجێمابو کاتێك گەروی هورموزیان چوڵکردبو، هەروەها چەند تۆپێکشیان لە ڕوسەکانەوە بۆ بەجێمابو، بەڵام، بەباشی نەیاندەزانی بەکاری بینن، چونکە زیاتر لەکاتی شەرەکاندا تۆپی بچوکیان بەکارهێناوە (تانکوانی، 1383، 273–274)، واتە کارگەی تۆپخانە لە ئێران لاواز بوە و تۆپی باشیان نەبو، هەروەها هەندێك تۆپی مەیدانی تریش کە دروستکراوی وڵاتی نەمسا بون، کە کالیبرەکەی نۆ سانتیمەتر و لە دواوە گولەی تێدەوەاویشترا، لە تاران چەند تۆپێك هەبو، بەڵام، کۆن و لە کارکەوتو بون، وەك بەکارهێنانی تۆپیش، تۆپچی باشیشیان نەبو کە تۆپ بهاویژێت (فوروکاوا، 1384، 112)، هەرچەندە بەفەرمی تۆپخانەکانی ئێران ژمارەی تۆپچییەکانیان لەسەردەمی شاکاندا جیاوازبوە، بەڵام، مەزەندە دەکرێ لەسەردەمی ناسرەدین شا (6000) تۆپچی هەبوبێت، بەڵام، ژمارەی تۆپچییەکان کەمتر بوە لە یەك لەسەر سێ ئەو ژمارەیە، تۆپچییەکان بە زۆری سەربازی هەڵبژێردراو و شیکپۆشی سوپابون (دالمانی، 1378، ج1، 233). سەبارەت بە گواستنەوەی تۆپەکانیش، ئەسپی تایبەت بە تۆپخانە هەبو کە لە دەستی ئەفەسەرێکی باڵادا بو، جگە لە ئەسپ گواستنەوەی تۆپەکان بە گوێدرێژیش دەگوازرانەوە، بەڵام، زۆر جار توانای هەڵگرتنی بارەکانیان نەبو، هەر بۆیە بە وشتر بارەکانیان گواستوتەوە (فلاندن، 1356، 150)، بەزۆری تۆپخانەکان لە هەرێمەکان جێگیرکرابون و دەوترا (1700) ئەسپ و گوێدرێژ و وشتر تایبەت کرابون بە گواستنەوەی تۆپەکان (فوروکاوا، 1384، 126).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

سەبارەت بە جۆرەکانی تۆپیش، چەند جۆرێك تۆپ هەبو، لەوانە: توپێك لە جۆری دو بۆ سی وشەش پاوندی کە لە پێشەوەی توپەکەدا گولەکەی دەخرایە ناوی و بە ژمارە نزیکەی (٨٠٠) توپ دەبون، جۆرێکی تریش هەبو کە گولەی شەش بۆ نۆ پاوندی بو و خولگەکەی بەشێوەی لولەیی بو و لە پێشەوەڕا گولەکەی هەڵدەگرت و بە ژمارە (64) دانەبوە، هەروەها تۆپی شاخی (کوێستانی) حەوت سانتیمەتری لە تاران و تەورێز هەبوە کە بە شێوەی خولگەیی لولەیی بو و لە پێشەوەڕا گولەی تیداهاویشترا و ژمارەیان (60) دانەبو، جگە لە تۆپی کویستانی، لە تاران هەشت تۆپی ئوختاتیوسی نۆ سانتیمەتری و بە کالیبەری یەك سانتیمەتری هەبو، لە ئەسفەهانیش هەشت تۆپ و هەروەها هەفدە تۆپی کۆن و بەکەڵکیش لە ناوەندە سەربازییەکانی سەرسنور هەبوە، بەڵام، هەمو ئە و ژمارانە بە گوێرەی زانیارییەکانی گەریدە (فوروکاوا) لە سەر کاغەز و خەیاڵین، چونکە ژمارەی ئاژەڵی گواستنەوەی تۆپ و خودی تۆپەکانیش کەمتر بوە لەو ژمارەیە (فوروکاوا، 1384، 126)؛ (کرزون، 1373، 764).

مەیدانی تۆپخانەش هەبو کە شوێنی نمایشکردنی تۆپەکانی سەردەمی قاجار لە تارانی پایتەخت بوە، چواردەوری مەیدانەکە شوێنی تایبەت بو بە هەڵگرتنی تۆپەکان، لە هەر ژۆرێك تۆپ و کەلوپەلی تایبەت بە تۆپەکان لە دەوروبەری شوێنەکە هەڵواسرابو (سرنا، 1362، 59)، لە ڕاستیدا مەیدانی تۆپخانە تا ڕادەیەك ئامێری باشی تێدابو ئەوبەشەی تۆپخانەش کە لەلایەن ئەفسەرانی بەریتانی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندیەوە دروستکرابو، کارگەی تۆپ و جۆرەکانی تۆپی تێدا دروستدەکرا، لە کۆشکی شاهی دو تۆپی کالیبەری لیبو کە لە سەردەمی سەفەویدا لە بەندەرعەباسەوە لە پورتۆگالییەکانەوە دەستیانکەوتبو و دواتر هێندراونە تاران و لە مەیەدانەکەدا نمایشکران و یەکێکیان پێیدەوترا تۆپی مروارى (پولاك، 1368، 43–44).

هەرچەندە دوای چاکسازییەکان لەبوارى سەربازیدا، وایکرد شارەزایانی بوارى تۆپ دروستکردن لە فەرەنساوە بین، لەوانە: (قابویە و ڕابوڵ)، کە لە شارى ئیسفەهان کۆگایەکیان کردەوە، سەرەڕاى ئاستەنگى و دژایەتى و بەبێ هیچ هاوکاریەك، جگە لە هەوڵ و هونەرى خۆیان، دواجار بە پالنەرى کۆڵنەدان سەرکەوتوبون (تانکوانى، 1383، 273–274). هەروەها ئەفسەرە بەریتانیەکانیش گرنگى زۆریان بە تۆپخانە داوە لەناویاندا (مۆنسیور فابویەر) سەرکەوتو بون لە دامەزراندنى کارگەیەك لە ئیسفەهان کە لە ماوەیەکى کورتدا کاریگەرى خۆى نواند و چەند پارچە چەکى تۆپیان بەرهەمهێنا (فلاندن، 1356، 149)، واتە، بەهاوکارى شارەزایانى بوارى تۆپخانەى وڵاتانى ئەوروپى بو تا ڕادەیەك ڕێکخستن و گرنگیدان بەو بوارە بدرێت، ئەگەر هاتبوا دەسەڵات خەمى زیاتریان لەو بوارە بەتایبەتى و بەگشتى دۆخى سەربازى خواردبا.

6: سەربازخانە، ئوردوگاکان و سەربازە ئەندازیارییەکان:

6-1: سەربازخانە: شوێنى مانەوەى شەو و ڕۆژى سەربازان بوە، ئەو شوێنە بە قیاسى پانى و درێژى (90_60) مەتر دەبو، چوارچێوەى شوێنەکە بە دیوارى بڵند دەور درابو، دەروازەیەکشى لە ناوەراستدا هەبوە، دیوارى سەربازخانەکە وەك دیوارى پشتەوەى خانو دیواربەند کرابو، چوارچێوەى دیوارەکەش شوێنى مەشق و ڕاهێنانى سەربازەکان بو و لە ناوەراستیشدا سەکویەك هەبو، ئەو شوێنە کەلوپەلى وەرزشى لێبو، سەربازەکان لە چواردەورى دیوارەکە لە ژۆرە دیاریکراوەکاندا دەژیان، کە نزیکەى (52) ژور بوە، بەڵام، خزمەتگوزارى ژورەکان بە گوێرەى پێویست نەبو، لەسەر حەسیر و پارچەپەکى پیس و بالیفیك و دۆشەکێك دەخەوتن، لە هەر ژورێك (6بۆ12) سەرباز دەژیان، ئەمەش هۆکار بو کە ژورەکە لە ڕوى تەندروستییەوە باش و گونجاو نەبێت، لە هەر ژورێك یەك، دو بۆ سێ سەرباز نەخۆش دەکەوتن، نەخۆشخانەى پێویست و خۆراکى تەندروستیش لەو سەربازخانانەدا نەبو (فوروکاوا، 1384، 111).

6-2: ئوردوگاکان: شوێنى مانەوەى سەربازەکان بو بە مەبەستى مەشق و ڕاهێنانى سەربازى لەلایەن شا دیاریدەکرا، ئەوە بو پێشتر بەڕێرسان ڕەوانەى ناوچەکە دەکران بۆ دیاریکردنى شوێنێکى ئەمن و چێشتلێنان و دابینکردنى خۆراك و ئازوقە، پێش ئەوەى سەربازەکان بچنە شوێنەکە، ئامادەکارى پێویست دەکرا بەمەبەستى پاراستنى گیانى سەربازان و دۆخى ناوچەکە لەبەرچاو گیراوە (ژوبر، 1943، 147).

6-3: سەربازە ئەندازیارەکان: ئەوانیش هاوشانى بەکارهێنەرانى تۆپخانە لە یەکێك لە بارەگا سەرەکییەکانى سوپادا دەژیان، جلەکانیان هاوشێوەى سەربازى پیادە بو، وەك ئەوان تفەنگى بچوك و ڕاندڵیان هەڵدەگرت، بەڵام، وەك پێویست کاروبارى ئەندازیاریان باش نەبو لە دروستکردنى ساتر و قەڵا و شوێنى خۆ حەشاردانى سەربازان، واتە شارەزایى ئەوتۆیان لێنەبو (فوروکاوا، 1384، 114).

7: پاسدارخانە (قراوڵخانە): شوێنیکبو لە دەرەوەى شار کە شەو و ڕۆژ سەربازەکان لەوێ دەمانەوە، پاسەوانەکانى لە سەربازى ئاسایى سوپا پێکدەهات، خەڵکانێکى هەژار و کەمدەرامەت بون، کاتێك لە دورەوە سوپاى دوژمنیان دەبینى بە هەڵکردنى ئاگر خەڵکى شاریان ئاگادار دەکردەوە (ماساهارو، 1373، 203)، لە کاتى دەوامدا سەرباز هەبوە بۆ ماوەى بیست و چوار کاتژمێر دەبوایە لە پۆستى پاسەوانیکردنا مابایەوە تا کەسێکى تر شوێنى دەگرتەوە (پولاك، 1368، 42).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

8: ئیستەبڵ (شوێنی ڕاگرتنی ئەسپەکان): شوێنی تایبەت بە ڕاگرتنی ئەسپی سەربازان و ئەفسەرانی ناو سوپا، کە ئاخۆریشی پێ دەوترا و شوێنی سێ سەد ئەسپ دەبو، کۆشکی ئەسپەکان بە دو ڕێز لە ژێر بنمچی ئاخۆرەکەدا دروستکراوە و ئەسپەکان بە درێژایی دیواری چەپ و ڕاستی ئیستەبڵەکە دەوستان، ئەسپەکان، لە ڕێگەی کونێکی نیمچە بازنەیی سەرەوەی دیواری جێگیرەوەی ئیستەبڵەکە خۆراکیان پێدەدرا (فوروکاوا، 1384، 115).

9: گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازی: سوپای ئێران یەکەیەکی تایبەتی بۆ گواستنەوەی پێداویستی و کەلوپەل نەبو لە کاتی گواستنەوەی ئەو کەلوپەلانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هەمان ئامرازە باوەکانی گواستنەوە کەڵکی لێوەرگیراوە، کە بریتیبون لە ئەسپ، ئیستر، گوێدرێژ و وشتر (فوروکاوا، 1384، 122)، بەڵام، کەلوپەلی سەربازی و پێداویستیەکانی تر زیاتر بە گوێدرێژ و ئێستر دەگوازرانەوە (واتسن، 1356، 27). هەر لەو چوارچێوەیدا کاتێك ئامرازی گواستنەوەی پێشکەوتو نەبوە، بە زۆری، هەر سێ سەربازێك گوێدرێژیکیان کرێوە بۆ ڕاکێشانی بارو و کەرەستەکانیان (پولاك، 1368، 42). ڕێژەیەکی زۆر گوێدرێژ هەبون کە لە بواری سەربازی لە ناو سوپادا خزمەتیان کردوە، کە هەریەکەیان سێ بۆ چوار سندوق تەقەمەنی لێبارەدەکرا، ئەم سندوقە تەقەمەنیانە کە دروستکراوی وڵاتی نەمسا بون تفەنگ و تەقەمەنی تێدابو، جگە لەم سندوقانە، لەسەر پشتی گوێدرێژەکان کیسەخەو و سندوقی گەورەی جلوبەرگ و مێز و کورسی و کەفەری چادر و ستون و شتی تری جۆراوجۆر بەسەر ئاژەڵەکاندا هەڵدەواسران، بەڕێژەی حەوت بۆ هەشت سەرباز بۆ پاسەوانی بارەکان و یاوەریکردنی ئاژەڵەکان دەستنیشان دەکران، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم ئاژەڵە باریانە بە تێکڕا فەرسەخیکیان لە کاتژمێرێکدا بڕیوە، بەنزیکەیی بیست فەرسەخ لە ڕۆژێکدا (فوروکاوا، 1384، 123).

تەوەر چوارەم: چەك، دابینکاری و پشتیوانی سوپای دەوڵەتی قاجار:

1: چەکی پیادە نیزام: هێزی پیادە، هەر لەسەرەتادا جگە لە چەند چەکێکی بەکەڵك هیچیتریان نەبوە، زۆربەی چەکەکانیان لەکارکەوتبون (فلاندن، 1356، 150)، چەکی سوپای ئێران لەماوەی ڕابردو و لەسەردەمی قاجاریشدا بەگشتی بریتی بو لە تفەنگ، کەوان، ڕم، شمشێر و تۆپی بچوك و خەنجەر، لەگەڵ ئەوەی کەمێکیش شارەزای چەکی ئاگرینی بون، تفەنگیان لە شێوەی تفەنگی پڵیتەیی درێژ و دو بڕبڕەی پشتی هەبوە، کە لە کاتی هاوێشتندا دەبوایە لەسەر زەوی دابنیشتبانە، هەرچەند زۆرێنەی سوپا ڕمێك و شمشێریکان پێبوە، لەگەڵ جوتێك دەمانچە کە بە کەمەریاندا هەڵواسرابو، ئەو سەربازانەشی کە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەرەوە دەهاتن وەك تورکمان و ئوزبەکەکان چەکی ئاگرنیان نەبو، تەنها شمشێریکی درێژ و خوار و ڕم و تیر و خەنجەریان پێبوە و بەدەگمەن دەمانچەیان هەڵگرتوە، هەروەها لە کاتی شەڕەکاندا ڕمێکی سوکیان پێبو لە شێوەی کەوانێکی دار کە لە کاتی هەڵاتندا بە پشتیانەوە بەسترابو وە لەسەر سك تیرەکانیان ئاراستەی دوژمن کردوە (اولیویە، 1371، 189)، هەرچەندە دواتر لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەمەدا، هەندێ چەکی ئەوروپی لە ناوسوپادا بەکارهێنراوە وەك: تفەنگی (ورندڵ)ی دروستکراوی نەمساوی کە لە دواوە فیشەکی هەڵدەگرت و بەرزیەکەی هاوشێوەی تفەنگی (ئیشنایدەر)ی بەریتانی بو، کە مەودای (2100) پێی دەڕۆیشت، گولەکەی کارتێژێکی مسی بو و توانای هەڵگرتنی شەش تیری هەبو، بەڵام، بەرگری زۆری نەبو، یەکێکی تر لە چەکەکان، تفەنگی (مینییە) بو، کە زۆربەی سەربازەکان بەکاریان هێناوە و جۆرێکی تفەنگی سەربڕە کە لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەوە بوە جێگەی بایەخی ئەوروپییەکان و ناوەکەی لە ژنرانێکی فەرەنسیەوی بەناوی (کلود ئاتین مینیە) وەرگیراوە (فوروکاوا، 1384، 110–125)، هەر بۆیەش بە هۆی چەکی کۆن و نەبونی بەرنامە و پلانی سەربازی، ئەم هێزە لەکاتی گەمارودانی شاری هەرات لە ساڵی 1836ز، تۆشی گرفت بون و نەیانتوانی وەك پێوست لە ڕوی دوژمن بوەستنەوە (فلاندن، 1356، 150).

2: جلوبەرگی سەربازان: نارێکی لە شێوازی جلوبەرگی سەربازەکان هەبوە لە ڕوی یەکپۆشی و نەگونجاوی، زیاتر ناوچەگەری پێوەدیاربوە و جلی سەربازەکان کراسیکی کورت و شەڵواریك بو، بەڵام، ئەو ئەفسەرانەی ئارەزو و خولیایان هەبو جلوبەرگی هاوشێوەی پەکپۆشی ئەفسەرانی ئەورووپیان لەبەردابو (دالمانی، 1378، ج1، 230)، وەك: ڕەنگی جلوبەرگیان پەکپۆشی پەمەیی تۆخ و شین بو، سەرشان و یەخەیان لە پارچە قوماشێکی سور و کڵاوەکەیان هاوشێوەی میزەری گشتی ئێرانییەکان بو کە لە ئاوریشمی کەتان دروستکرابو، پێشەوەی کڵاوەکە هێمای شێر و خۆری لەسەر بو، هەمیشە هەڵگری کۆڵەپشت نەبون، جگە لەوکاتەی کە لە ئەرکدابون، کۆڵە پشتەکەیان لە پارچەیەکی ئەستۆر کە چل بۆ پەنجا سانتیمەتر درێژ و سێ سانتیمەتریش پانبو دروستکرابو، لەگەڵ ئەوەی هەمیشە جانتایەکی گولە هەڵگریشیان بەکۆڵدابو (فوروکاوا، 1384، 110)، بەڵام، بەگشتی جلوبەرگیان گونجاو نەبو لەگەڵ ئەو خزمەتەی دەیانکرد، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا بالتۆ یان جلی گەرمیان نەبو، هەر بۆیە لەکاتی ڕێپێوان و نمایشدا زۆر هیلاك دەبون و تەنانەت هەندێ جار دەمردن، واتە سەربازەکان یونیفۆرمێکی تەواویان پێوە دیارنەبوە (پولاك، 1368، 42).

3: قورخانە (بەرهەمهێنانی چەك): لە بەرانبەر کۆشکی شا لە تاران هەڵکەوتبو. بینایەکی زۆر گەورە بو، بەڵام، لەو هەمو پێداویستی ناو قورخانە تەنها دو بزوێنەری هەڵم کاریان دەکرد، یەکێکیان بۆ تۆپ و ئەوەی تر بۆ دروستکردنی دەمانچە و تفەنگ بو، لولەی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

تۆپەکە بە تیرەی هەشت سانتیمەتر بوە، سەبارەت بە تۆپی مەیدانیش لە پێشەوە فیشەکەکەی تێدەهاویشترا و جۆری فیشەکەکەشی خڕی لولەیی بوە، هەر لە قورخانەدا، کارگەی دروستکردنی تفەنگیش هەبو کە زیاتر تفەنگی کۆنبوە کە لە پیشەوەڕا فیشەکی تێداهاویشترا، وەك تفەنگی (مینیەی) هوڵەندی کە لولەیەکی ناسکی هەبو، مەودای هاویشتنی زۆر دور نەبو، لەگەڵ هاویشتنی پینج بۆ شەش دانە سەری تفەنگەکە کە کانزایی بو گەرم دادەهات و نەدەتوانرا دەستی لێبدرێت، جگە لەوە دو تفەنگی تریشیان دروست دەکرد بە ناوەکانی (تابانیە و شاسپو) و فیشکی جۆری تفنەگی (ورندالیان) پێدەهاویشت، لە قورخانەدا، نزیکەی شەست کەس کاری دروستکردنی بارۆتیان دەکرد، ڕۆژانە پینج بۆ شەش هەزار بەستە بارۆتیان دروستدەکرد، بۆ ئەم کارە کاغەزی ئەوروپی زبر و ئەستۆریان دەپێچایەوە و باروتیان تێدەکرد، ئەم کارە بەدەست بوە نەك بە ئامێری دیاریکراو، زۆر لەسەرخۆ کاری لەسەر دەکرا واتە خێرا نەبوە، لە بەشێکی تری کارگەکەدا باروتی فیشەك و گالیسکەشیان دروست دەکرد و بەڵام، ئەم ڕێژەیە لە دروستکردنی بارۆت و چەکە پێداویستیەکانی سوپای پرنەدەکردەوە (فوروکاوا، 1384، 120–121–122).

4: موچە و خەرجی سوپای ئێران: خەرجی سوپا دەکەوتە ئەستوی ئەو ناوچانەی کە سوپا پێیدا تێپەڕ دەبو، واتە چاودێرانی خەرجییەکان کە بەڕێوەبەرانی سوپابون، پسولەی ئەو خوراکانەی کە بەکار دەهێندران دەیاندایە کارمەند یان موختاری گوندەکان، دواتر لەکاتی پێدانی باجی حکومەتدا ڕەچاوی خەرجییەکان دەکرا، واتە پاکتاوکردن هەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا خانەکان، باخچە و خێمە و کەلوپەلیان بۆ سەربازان دابین دەکرد (ژوبر، 1943، 146)، خەرجی سوارچاکەکان لەلایەن شاوە بو، فەرمانی پێداون کە لە هەر شار و شارۆچکەیەك یان گوندێك کە پێداتێپەڕیون هەرچییەکیان ویستبا دەیانبرد (واتسن، 1356، 26)، واتە، لە سەروی خۆیان فەرمانیان بۆ هاتوە بە تاڵانکردنی شوێنی سەرڕێگاکانیان ڕزق و ڕوزی خۆیان بەدەستهێناوە، هەر بۆیەش کە دەچونە شارێکی تر چاویان لە تاڵانکاری زیاتر بوە (فلاندن، 1356، 148).

فەوجی هەر ویلایەتێك بەرپرسبو لە کۆکردنەوەی داهات و باج، دواتر دەیاندایەوە دەوڵەت و ئەوەشی دەمایەوە دەیانخستە گیرفانی خۆیان، ئەفسەران و بەرپرسانی دەوڵەت لە بەشەخۆراکی سەربازان دزیان دەکرد، بۆ نمونە: ویلایەتێك ژمارەی سوپا ئاسایەکەی کە (10،000) هەزار سەرباز دەبو، دەیانتوانی ساڵی(20) تمەن بۆ خۆراك و پۆشاکی هەر سەربازێك لە دەوڵەت وەرگرن کە کۆی گشتی دەیکردە (20،000) تمەن لە ساڵێکدا (ماساهارو، 1373، 204)؛ (دالمانی، 1378، ج1، 228). لە ڕاستیدا، ئەو پارەیەی دەدرایە سەربازەکان کەمنەبو، بەڵام، حکومەت تەنیا سێ لەسەر چواری ئەو پارەیەی لە کۆتایی ساڵدا پێدەدان، لەو بڕە پارەیەش خاوەن بڕیارەکان بڕێکی زۆریان دەبرد (پولاك، 1368، 41). هەروەها موچەی سواوەکانی ئێران شتێکی سەرسۆرهێنەر نەبو، تەنیا لە کاتی شەڕدا نەبوبێت، بڕە پارەیەکی کەمیان وەردەگرت، ئەگەر هاتو درەوشابانەوە لە شەڕدا ئەوە پاداشتێکیان وەك یارمەتی وەرگرتوە، جگە لەمە سەرچاوەی داهاتیان تاڵانکردن بوە، لەو ڕێگەیەوە داهاتێکی باشیان دەستکەوتوە، هەروەها کڕینی چەك و پێداویستیەکانی تریشیان لە ئەستوی خۆیان بوە (تانکوانی، 1383، 271)، واتە هەمو سوارەیەك لە سیستەمدا پابەندبوە بە دابینکردنی هەمو پێداویستییەکانی لەو پارەیەی کە لە شاوە وەریدەگرت، کە بڕەکەی (6 بۆ7) تمەن بۆ هەر سەربازێك، (20 بۆ30) تمەن بۆ هەر ئەفسەرێك، بۆ تەواوی شەڕەکە خەرج دەکرا لە بەرانبەردا حکومەت بڕێك دانەوێڵەی دەدا بە سەربازەکان (ژوبر، 1943، 148). هەروەها ئەوانەی خانەنشین دەبون بەشێوەیەکی یاسایی نیوەی موچەکەیان وەردەگرت، ئەوانەشی بەردەوامدەبون لە خزمەتکردن هەمو موچەکەیان بەتەواوی وەرنەدەگرت، ئەوەی کە دەوڵەت پێی دەدان بۆ هەر سەربازێکی پیادە (80) قران لە ساڵێکدا و ڕۆژانەش چوار نان بوە، هەر لەبەر ئەم بێ موچەیی و نەبونی خەرجییەکی باش، سەربازان بەناچاری بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و تێرکردنی سکیان ڕویان لە کاری وەك جوگەلە هەڵکەندن، گەچکاری، کولبەری و هێنانی دارودرخت کردوە (فوروکاوا، 1384، 128)، جاری واهەبوە بۆ پێدانی موچە و خۆراك بە سەربازان چوار مانگی تێپەراندوەوە، بە نمونە لەسەردەمی موزەفەردین شادا (کوفسکی، 1355، 130). نمونەی بەشێك لەو ئەفسەر و پلە سەربازیانەی کە موچەی ساڵانەیان بەمشێوەیە بوە: عەقید (٦٠٠٠ قران)، یاریدەدەری یەکەم (٥٠٠٠ قران)، یاریدەدەری دوەم (4000 قران)، ڕائید عەریف (360 قران)، نائب عەریف (288قران)، پاسەوانی یەکەم (252قران)، پاسەوانی دوەم (216 قران)، لە کۆتایدا بودجە کۆی سیستەمی سەربازی ئەوسای ئێران بۆ خەرجییە جیاوازەکانی سوپا بە نزیکەیی پێویستی بە دو کروری هیندی (لە کۆتایی دەسەلاتی قاجاری و سەرەتایی پەهلەوی وەك یەکەی دراو بەکاردەهات) هەبوە، لە ساڵێکدا کە یەکسانبو بە دو ملیۆن تمەن (فوروکاوا، 1384، 117–129)، ئەم بودجەیە بەراورد بە هی سەردەمی نادرشا کە پێنج ملیۆن بوە کەمتر بو کە خەرجی سوپای کردوە، هەرچەند بەشێك لەو بودجەیەش وەك خۆی خەرج نەکراوە، هەر ئەمەش هۆکارە کە بڵێن دۆخی نیزامی ئەوسای ئێران بی سەروبەری پێوەدیاربوە (کرزون، 1373، 753).

5: خواردن و ئازوقەی سەربازان: دۆخی خواردن و ئازوقەی سەربازان وەك پێویست نەبو، لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە، خواردن و ئازوقەیان دەبڕدرا، دواتر کە دەگەڕانەوە شوێنی خزمەتکردنیان، ئەگەر شەڕ نەبوایە ئەوا لە بارەگای زستانەی خۆیان دەمانەوە و

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ڕاهێنانیشیان پێیدەکرا، تەنیا ئەو ماوەیە کە دەمانەوە خواردنێکی کەمیان پێدەدرا کە بریتیبو لە نان، پەنیر و ماست (دروویل، 1375، 259)، هەر ئەمەش وایکردبو لەبەر برسیەتی و کەمی ئازوقەو و نەبونی خواردنی تەندروست، زۆر جار بەناچاری لە ناو خۆیاندا بازرگانیان بەو کەرەستەتە خۆراکیانەوە کردوە بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خۆیان پێدابینبکەن، چونکە بە فەرمی لەکاتی شەڕ و دەوامدا بە کەمی خواردنیان دراوەتی، بۆیە دەستیان بۆ تاڵانی و دزی و ڕاوڕوتی دەبرد، زۆر جار لە ڕێگادا گیاو گوڵیان کۆکردوتەوە و شورباویان لێدروست کردوە لەگەڵ کەمێك برنج و ڕۆن بۆ ئەوەی گەدەیان پربێت (پولاك، 1368، 42). لە ئەنجامدا لەگەڵ ئەوەی ڕێگەیەکی زۆریان دەبڕی و ڕازیبونە بە نان و پیوازێك، بەرگەی سەختییەکانیان گرتوە، موچەکانیان هەمیشە دوادەکەوت و کاتێکیش پێیاندەدرا بەتەواوی وەریان نەدەگرت (واتسن، 1356، 26)، بەشە خۆراکی ساڵانەی هەر سەربازێك دوانزدە تەمەن بوە کە زۆر کەمبوە و زۆرجاریش دواکەوتوە، لە ئەنجامی هەژاری و نەبونی خۆراك و سەختی ژیانی سەربازی پەنایان بۆ دزی و تاڵانی بردوە (فلاندن، 1356، 153).

6:پزیشکی سوپا: لەو سەردەمەدا پزیشکی نیزامی سوپا بەشێوە سەردەمیان و پێشکەوتو نەبو، هەرچەندە نەخۆشخانەی نیزامی هەبو، بەڵام، لەبەر کەمی دەرمان و پێداویستییەکانی سودیان بەوشێوەیە نەبوە، سیستەمی چاودێری تەندروستی لە ناو ڕێکخستنەکانی سوپادا لاواز بوە، لە ناو فەوجەکاندا پزیشکی نەشتەرگەر نەبو، واتە ڕێکخستنەکانی چاودێری تەندروستی هەر گروپێك لە ژێر چاودێری فەرماندەکەیدا بوە، باش بێت یان خراپ، چاکەکارییەکەی پەیوەستبو بە ڕاستگویی یان تواناپی خۆیەوە (واتسن، 1356، 27)؛ (کرزون، 1373، 769)، بە گشتی نەخۆشخانە و پزیشکی پێویست نەبوە، جاری واهەبوە بەبێ گوێدانە دۆخی ژینگەپی سەربازەکان لە ناوچەیەکی زۆر گەرم نێردراونە شوێنی سارد، ئەمەش وایکردوە توشی نەخۆشی و ڕوبەڕوی مردن ببنەوە و گرنگی بەچارەسەریان نەدەدرا، ئەوەی هەشبوە زیاتر سودبینین بوە لە چارەسەری سروشتی و گیا دەرمانی (پولاك، 1368، 42).

7: نمایشی سەربازی: لە کاتی نمایشی سەربازی گاڵتەجارِی پێوەدیار بوە و ژمارەیەك هەرزەکار و گەنج و پیاوە پیرەکان پێکەوە بە نارێکی نمایشی سەربازیان ئەنجام دەدا بە جلوبەرگ و ڕیزی نارێك، لە نمایەشەکەدا بەشێکیان دادەنیشتن بەدیار کوشتنی مێشولە لەسەر جەستەی پیسیان، هەبوە پانتوڵ و کراسێکی شلوشوقیان لەبەردابوە، لەکاتی نمایەشکەدا تفەنگ لەسەر شان و چەقۆیەکیشیان بەدەستەوەبو کە بەشێوەیەکی نارێك پێشڕەویان دەکرد، هەر لەگەڵ ئەوان، گروپی موسیقاش هەر بەشلی تەپڵ وشمشالیان دەژەنی (دالمانی، 1378، ج2، 813).

لە کۆتایدا کرزون دەڵێت:"بەگشتی چاکسازیکردن لە دۆخی سەربازی سەختە لەبەر کەمی کەلوپەل و پێداویستی سەربازی گونجاو کە شایستەی سەربازان بێت، ئەم چاکسازییە پێوستی بە کەسانی شارەزا و خەمحوری ناوخۆییە کە بیرێك لە چاککردنی دۆخی نالەباری سەربازی بکەنەوە، تا ئەو کاتەی ناوەندی دەسەڵات بەوکارە هەڵنەستێت دۆخ لەوە باشتر نابێت، چاکسازییەکان بریتبێت لە مەشق و ڕاهێنانێکی گشتی و بەناوەند کردنی سیستە و ڕێکخستنی سەربازی و گرنگیدان بەچەك و تەقەمەنی شایستەی سوپا بێت، هەروەها نەهێشتنی فەساد و ڕێخستنییکی هەمیشەپی پیادە نیزام و نوێگەرایی کەلوپەلی سەربازی و پەروەدرە کردنی سەردەمیانەی سوپا پێویستە، داهاتوی سوپای ئێران نابێت هەر پشت بە ڕاهێنانی دەرەکی ببەستێت و پێویستە لەسەر پێی خۆیان بوەستن و دورکەونەوە لە دەستێوەردانی دەرەکی، چونکە تاکی ئێرانی کەسێکی ئازاو بوێرە بەجیاوازتر لە تاکی ڕوسی و هیندی و تورك، ئەگەر بیتو وەك پیویست خەمی ژیان و گوزەران و داهاتوی سەربازەکان و وڵاتیان لەبەر چاو بێت " (کرزون، 1373، 776–777).

ئەنجام:

- پێکهاتەی هێزی سەربازی و سوپای ئێرانی سەردەمی قاجار، بە شێوەی هێزیکی یەکگرتو و نوێ و پێشکەوتوی هاوشێوەی وڵاتانی ئەورووپی نەکەوتبوە سەربێ خۆی، بەهۆی نەبونی ڕێکخستن و گەندەڵی و پشێوی سیاسی و لاوازی ئابوری و فشاری دەرەکی و باڵادەستی ئاغا و خانەکان و دەستێوەردانی کورانی بنەماڵەی شاهانە لە کاروباری سەربازی بەبێ ئەوەی شارەزایی و لێهاتوی سەربازیان هەبێت.
- پشت بەستن بە هێزی هۆزایەتی و ناوچەگەری و نەبونی ڕێکخستنی سەربازی نوێ هاوشێوەی وڵاتانی ئەورووپی، تەنانەت هەوڵە چاکسازییەکانی سەردەمی فەتح عەلی شاو عەباسی میرزای جێنشینی و دواتر دامەزراندنی هێزی قوزاق لەسەردەمی ناسرەدین شا، نەیانتوانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی سوپادا دروستبکەن.
- کەمترخەمی سەرانی قاجار لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی سەربازان و کەلوپەلی سەربازی، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بەرزکردنەوەی مۆرال و توانای شەڕی سوپا هەبوە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

- نارێکی و نەبونی دیدگا و پلانێکی سەربازی ڕون لە ڕێکخستنی سەربازی بە دیسپلینێکی سەربازی نوێ بۆ ئەوەی سوپا ببێتە ئامرازێك بۆ پاراستنی وڵات، بەڵکو بێ سەرەوبەری و خاڵیبون لە گیانی نیشتمانی، ئەم لاوازییانە وایکرد سوپای قاجار نەتوانی ئەرکی پاراستنی سنور و سەروەری وڵات بەشێوەیەکی کارا جێبەجێبکات.

سەرچاوەکان:

اولیویه. (1371). سفرنامه‌ی اولیویه، تاریخ اجتماعی-اقتصادی ایران در دوران آغازین عصر قاجار،ترجمه:محمد طاهر میرزا، انتشارات اطلاعات، چاپ اول، تهران.

بنجامین. (1363). س.ج..و. بنجامین، ایران و ایرانیان (عصر ناصرالدین شاه)، ترجمه: حسین کردبچه، انتشارات جاویدان، چاپ اول، تهران.

پولاك. (1368). ادوارد یاکوپ پولاك، سفرنامه‌ی پولاك، ایران و ایرانیان: ترجمه:کیکاووس جهانداری، چاپ اول، خوارزمی، تهران.

تان، ب. (1345). اگوست بن تان، سفرنامه اگوست بن تان، (نامه‌های یك افسر فرانسوی درباره سفر کوتاهی به ترکیه و ایران در سال 1807)، ترجمه: منصوره اتحادیه، تهران.

تانکوانی. (1383). ژی.ام. تانکوانی، سفرنامه‌ی ژی.ام، تانکوانی، نامه‌های درباره‌ی ایران و ترکیا آسیا،ترجمه:علی اصغر سعیدی،چاپ اول، نشر چشمه،تهران.

دالمانی. (1378). هنری رنه دالمانی، از خوراسان تا بختیاری،ترجمه:غلامرضا سمیعی،جلد اول، نشر طاووس، تهران.

دالمانی. (1378). هنری رنه دالمانی، از خوراسان تا بختیاری،ترجمه:غلامرضا سمیعی، جلد دوم. نشر طاووس، تهران.

درووبل. (1375). گاسپار درووبل، سفر در ایران،ترجمه: منوچهر اعتماد مقدم،چاپ سوم، نشر شب آویز، تهران.

ژوبر. (1943). پ.آ، ژوبر، مسافرت به ارمنستان و ایران،ترجمه:محمود هدایت، چاپخانه تابان، تهران.

سایکس. (1336). ژنرال سر پرسی سایکس، (ده هزار میل در ایران)، ترجمه: حسین سعادت نوری، انتشارات کتابخانه ابن سینا، چاپ دوم، تهران.

سرنا. (1362). کارلا سرنا، آدمها و آینینها در ایران، ترجمه:علی اصغر سعیدی، چاپ اول، کتابفروشی زوار، تهران.

فلاندن. (1356). اوژن فلاندن، سفرنامه اوژن فلاندن به ایران،ترجمة:حسین نور صادق، چاپ سوم، انتشارات اشرافی، اصفهان.

فوروکاوا. (1384). نوبویوشی فوروکاوا، سفرنامه فوروکاوا، خصوصیات اجرایی نخستین سفارت ژاپن به ایران در دروه قاجار،ترجمه:هاشم رجب زاده، انجمن آثار و مفاخر فرهنگی، تهران.

کرزون. (1373). جرج.ن. کرزون، ایران و قضیه ایران، ترجمه: غلامعلی وحید مازندرانی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، جلد اول، چاپ چهارم، تهران.

کوفسکی. (1355). کنلل کاسا کوفسکی، خاطرات کنلل کاسا کوفسکی، ترجمه:عباسقلی جلی، چاپ دوم، تهران.

ماساهارو. (1373). یوشیدا ماساهارو، سفرنامه یوشیدا ماساهارو، نخستین فرستاده ژاپن به ایران در دوره قاجار(81-1880میلادی)، ترجمه:هاشم رجب زاده، چاپ اول، انتشارات استان قدس رضوی، تهارن. (، Trans.).

موریه. (1386). جیمز موریه، سفرنامه جیمز موریه، سفر دوم، ایرانو ارمنستان، آسیای کوچك(1816-1810) تا قسطنطنیه، ترجمه: ابوالقاسم سری، انتشارات توس، جلد دوم، چاپ اولو تهران.

واتسن. (1356). روبرت گرنت واتسن، سفرنامه‌ی روبرت گرنت واتسن، تاریخ ایران در دوره قاجاریه، ترجمه: وحید مازندرانی،چاپ چهارم،انتشارات امیر کبیر،تهران..

ویشارد. (1363). جان ویشارد، بیست سال در ایران، ترجمه: علی پیرنیا، چاپ اول، انتشارات نوین، تهران.

ویلز. (1368). دکتر ویلز، سفرنامه دکتر ویلز، ایران در یك قرن پیش، ترجمه: غلامحسین قراگوزلو، انتشارات اقبال، چاپ اول، تهران.